## ڕەئوف ڕەباتی:

## ئێمە دەخوازین ڕۆشنبیران وەك خۆیان لە دەرگا بدەن و ئێمەش وەك خۆمان دەرگا بکەینەوە

**ئا: ئاسۆ**



**بوون و نەبونی پڕۆژە پەیوەندی بەوەوە نییە کە من و تۆ حیزبین یان نا، بەڵکو پڕۆژە دەرئەنجامی پڕتفاقی فکرو مەعریفەو جیهانبینی ئەقڵانی مرۆڤەکانە.**

ناوەندیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی سلێمانی، دامەزراوەیەکی فراوانەو چەندین یەکەی ڕۆشنیریی و ڕاگەیاندنی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر کارو چالاکییەکانیان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ڕێزدار (ڕەئوف ڕەباتی) سەرپەرشتیاری گشتیی ناوەندەکە سازدا:

دەکرێت سەرەتا باسی سەنتەرەکەتان بکەیت لەبارەی چۆنێتی کارکردن و پڕۆژەکانی لەبواری ڕۆشنبیریدا..؟!

ڕەئوف ڕەباتی: سەرەتا بەخێرهاتنتان دەکەم، پاشان دەمەوێت فۆرمۆڵەی پرسیارەکەتان بۆ ڕاستبکەمەوە، چونکە ئەم دەزگایەی ئێمە تەنها سەنتەرێك نیە، بەڵکو ناوەندێکی ماسمیدیای گەورەو بەرفراوانەو چەندین بەش و بەڕێوەبەرایەتی دیکەی لێدەبێتەوەو چڵ و پۆپەی زۆرە، (سەنتەری ڕۆشنبیری سلێمانی)یش یەکێك دەبێت لەئۆرگانەکانی. ڕونترو شەفافتر هەیکەلی دەزگاکەمان بەم شێوەیە:

**ئەگەر هەر چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی کۆبکرێنەوە نابێت ڕۆشنبیران بوار بدەن هەروا بەسانایی کۆبکرێنەوە..! چونکە ڕۆشنبیر دەبێت خۆی میکانیزمی کۆکردنەوەی ئەوانی دیکە بێت.**

ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی سلێمانی؛ ئۆرگانێکە لەئۆرگانەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان) هەڵبەت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنیش بۆ خۆی ئۆرگانێکە لەئۆرگانەکانی مەکتەبی سیاسی (پارتی دیموکراتی کوردستان).

هەڤاڵی بەڕێز کاك (سەرۆ قادر) بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەم مەکتەبە لەچەندین شاری جیاجیادا ئەم ناوەندانەی کردوەتەوە، منیش وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی مەکتەبی ناوەندی و وەك ئەندامی لقی 4 پارتی دیموکراتی کوردستان لەسلێمانی، شەرەفی سەرپەرشتیارێتی گشتی ئەم ناوەندەم

پێـسپێراوە. پاشـان ناوەندەکـەمان سەرپەرشـتیاری‌و ئیـدارەی چـەندین ئۆرگـان‌و بەڕێوەبـەرێتی دیکـەی رۆشـنبیری‌و راگەیاندن دەکات کەهەمویان بەشی سەرەکی‌و جومگەی بناغەین لەپێکهاتەی ناوەندەکەمان دا وەك؛

أ-بەرێوەبەرێتی رادیۆو T.V کوردستان کەناڵی سلێمانی.

ب-کەناڵی زاگرۆس T.V سەتەلایت، ستۆدیۆی سلێمانی.

ج-سەنتەری رۆشنبیری سلێمانی.

د-بەڕێوەبەرێتی رادیۆو T.V کوردستان - هەڵەبجە.

هـ-بەرێوەبەرێتی رادیۆو T.V کوردستان - خانەقین.

بێگومانم کەئێستا رونتر لەپێکهاتەو هەیکەلی ناوەندەکەمان گەیشتون.

سەبارەت بەبڕگەی دووەمی پرسیارەکەتان؛ چۆنێتی کارکردن‌و پرۆژەکانی ئاینـدەمان لـەبواری رۆشـنبیری‌دا؛ ئاشـکرایە کەئێمە میکانیزم‌و تێگەیشتن‌و سلوك‌و سەودای خۆمان هەیە بۆ کارکردن کەدەشـێت ئـەو بەرنامـەو پلاتفۆرمانـەی ئێمـە لەگەڵ ناوەندو ئۆرگانە میدیایی‌و رۆشنبیری‌یەکانی دیکەدا جیاواز بێت، ئەوەش زیاتر لـەوەدا خـۆی دەبینێتـەوە کەئێمـە دەخوازین وەك خۆمان‌و بەپێی شوناس‌و بون‌و گوتـاری خۆمـان کاربکـەین، نـەك لەسـەر پەرچـە کـرداری بەرامبـەرو خـۆ بەشتێکی‌تر زانین.

چونکە ئێمە دەزگاو ناوەندێکی ئەهلی‌و سەربەخۆ نین‌و ئیدیعای ئەوەش ناکەین، بەڵکو ئێمە ناوەندەکەمان ئۆرگانێکـە لەئۆرگانەکانی تەشکیلاتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بیروڕاو پرۆژە کارو جیهانبینی‌یەکانیشمان لەبواری رۆشـنبیری‌و راگەیانـدن دا، بـەدەرنابێت لـەپرۆژەکاری نەتـەوەیی نیـشتمانی بزافـی رزگـاریخوازی کوردسـتان‌و دابـڕاو نابێت لەحـەزو خواست‌و پێویستی‌یە فکری‌و مەعریفی‌و فەرهەنگی‌یەکانی تاکی کوردو کوردسـتانی‌و غـەریب نابێت بـەتێزو تێـڕوانین‌و ئایدیاو مرۆڤ دۆستی‌یەکان..

: لەدوای راپەڕینەوە چەندین بنکەو سەنتەری هەمەجۆر دروسـت بـون. بـەڵام زۆربـەی هـەرەزۆریان لـەبێ پرۆژەیـدا خامۆش بون‌و هەندێکیشیان بونە ئۆرگانێکی حیزبی بۆ لەقاڵبدانی رۆشنبیری کوردی لەچوارچێوەی دنیـابینی حیزبـدا،

ئاخۆ ئێوه هەمان ئەزمون دوباره ئەکەنەوه یان دەتانەوێت بەستایلێکی جیاواز کاربکەن. ئەی کەواته گەر ئێوه جیاوازن چۆن ئەو جیاوازییه دەبیننەوه..؟!

رەئوف ڕەباتی: وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەزگاو دامەزراوەکانی ئێمه بەخودی ناوەندی رۆشنبیریو راگەیاندنی سلێمانیشەوه، ئۆرگانی حیزبین، پاشان بەوشێوه رەهایه کەجەنابتان دەڵێن. مەرج نییه رۆشنبیریو رۆشنبیری کورد لەچوارچێوەو دنیابینی حزبدا لەقاڵب درابێت، ئەوەیان رای من نییه رای جەنابته، بەپێچەوانەوه من پێم وایه تا ئەم چرکەساتانەش کەتۆ ئەم پرسیارانه لەمن دەکەیت، ئەوه حیزبو مەدرەسه حیزبیەکانە، ئەوه حزبو ناوەندە حزبیەکانه کەبەرێژەیەکی زۆر شاگردو قوتابیو کادری جوانو پابەندو خۆ بە بەرپرسیارزانی تێدا کۆبۆتەوه، هەڵبەت بەرەغمی کەسانی نا بەرپرسیاریش..! وەلێ به بەراورد لەگەڵ ئەو ناوەندو ئەڵقەو بازنەو پرۆژەو فیدراسیۆنو دامو دەزگا مەوجودانەی کەئەمرۆ هەنو لەژێر چەندین ناو گوفتارو گوتاری سەیر سەیرو سەربەخۆدا خۆیان نمایش دەکەنو رۆشنبیری قەلەقو خۆ بەهەموو شتێك زان دەکەنە کەرەستەو کارشوناسی خۆیان. هێشتا ناوەندە حزبیەکان مەوزونو مەعقول ترن..

پاشان بونو نەبونی پرۆژه پەیوەندی بەوەوه نییه کەمنو تۆ حیزبین یان نا، بەڵکو پرۆژه دەرئەنجامی پرتفاقی فکرو مەعریفەو جیهانبینی ئەقڵانی مرۆڤەکانه، پرۆژه وەحی نییه بێته خوارەوه، بەمانایەکی دیکه پرۆژه پرۆسەیەکی خۆڕسك نییەو بەقەولی سلێمانی بەفشەش پرۆژه دروست نابێت، بەڵکو دەبێت خەیاڵو ئەندێشەو بیرکردنەوەی جدیو هەنگاوی پراکتیکی پرۆژه دروست بکات، ئیدی خەیاڵو ئایدیای ئەو پرۆژەیه، ئیمکانیاتو تواناو قودرەتی ئەو پرۆژەیه، مەرج نییه هەر لەلای خەڵکی بەناو سەربەخۆ بێت، بەڵکو زۆر ئاساییه لەلای خەڵکی حیزبیو مونتەمیش هەبێت، هەڵبەت ئەم تەرحو نەزەرانەی من موبەریرات نییه بۆ خەڵکی حیزبی بەچاكو خراپەوه بەکاڵفامو رۆشنبیرەوه، بەڵکو رونتر دەمەوێت بڵێم؛ حیزبو مەفاهیمو مەبادئیه حزبیەکانی ئێمه جارێ نەگەیشتونەته ئەو ئاستانەی کەفرێ بدرێنه دەرەوەی کۆمەڵگاو بواری کاری جدی ترو ریفۆرمی باشتری تێدا نەمابێت.. وە لێ بە ئەوه زەمەنو ئایندەی هەلومەرجو کەشو هەواو ئەتمۆسفیری خۆییو بابەتیەکه، کەفیل دەبێت بەوەی پرۆژەیەك تاچەند سەرکەوتوو تاچەند فاشل دەبێت.. بەڵام؛ گرنگ ئەوەیه لەهەموو پرۆژەیەکی جدیو حسێبیدا، دەرگاکانی ئەقڵانیەتو ئازادیو چێژو فەرهەنگ والا بێتو ژەنگی ئایدیای سائیدو ئایدۆلۆژیای دۆگما دای نەرزێنێت..

پاشان مەرج نییه هەمیشه پرۆژەکانی دەرەوەی حزب سەرکەوتوو و جاویدانی بنو پرۆژەکانی حزب تەمەن کورتو جوانه مەرگ بێت، لەم گۆشه نیگایەوه من حەز دەکەم نمونەیەکی زیندوتان بۆ بهێنمەوه؛

ئێمە پڕۆژەی (روانگە) مان لەیادە کە بۆ زەمەنو سیاقە مێژوویییەکەی خۆی پڕۆژەیەکی فکریو ئەدەبیو مەعریفی بوو لەدەرەوەی حزب، بەڵام دواجار وەك بینیمانو بەقەولی روانگەیییەکانیش خۆیانن بیستمانو گوتیان؛ (روانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا)..!

لەدوای راپەڕینو تائێستاو حاڵی حازریش یەکێك لەو پڕۆژە رۆشنبیریو فکریو مەعفریفیو ئەدەبیو فرە ئەبعادانەی کەدەیبینین پڕۆژەی (رەهەند)ە، من ناتوانم بڵێم (رەهەند)یش چارەنوسی لە (روانگە) باشتر نابێت، چونکە من تەمەنای پوچەڵ بونەوەو فاشل بوونی هیچ پڕۆژەیەکی ئەوانی دیو هیچ خەیاڵو ئەندێشەو ئایدیایەکی مرۆڤدۆستی ناکەم.. وەلێ خوازیارم؛ لەئایندەیەکی دوور نزیکدا وەك لەزاری روانگەیییەکانەوە بیستمان روانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا. لەزاری یەکێك لەڕەهەندییەکانیشە نەبیستینو پێمان نەڵێن؛ (رەهەند( ئەو مریشکە بوو کەبەدرێژایی تەمەنی هیچ هێلکەیەکی هەڵنەهێنا..! کەواتە؛ سەرکەوتنو سەرنەکەوتن خامۆش بوونو گەشانەوەی پڕۆژە پەیوەست نیە بەوەوە، کە ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەی حیزبەیان پڕۆژەی دەرەوەی حیزبە، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە کەکێڵگەی ئەو پڕۆژەیە تاچەند بۆ خەڵكو دەوروبەر بەپیتو بەرەکەت دەبێت، وە کارەکتەرەکانی نێو پڕۆژەکە تاچەند لەگەڵ هەڵکردنو گونجانو یەکسانیو مافی ئەوانی دیکەدان.. ئا لێرەوە جوانیو ناشیرینی گەشەو خامۆشی گروپو پڕۆژەکان دەبینرێت. جەنابتان دەڵێن؛ لەدوای راپەڕینەوە چەندین بنکەو سەنتەرو ناوەند لەبێ پڕۆژەییدا خامۆش بوون.. لەڕاستیدا دەبێت قەناعەتمان وا بێت کەهیچ پڕۆژەیەك جاویدانی نیەو نابێت بەپرۆسەی خامۆشبون دا تێنەپەڕێت، چونکە ئەوە ئایدیاو جیهانبینیو ئیمکانیاتو هەلومەرجە زاتیو مەوزوعییەکەیە وا لەپڕۆژەیەك دەکات تا سەر هەڵبکات یان نا.. هەڵنەکردنو نەگونجانو درێژەدان بەرپێرەوی ئەو مۆدێلە لەپڕۆژەی بیرکردنەوە (کەتا سەر هەر دەبێت هەبێتو سۆپەر پڕۆژە بێت)..! ئەوە جۆرێکە لەدۆگماو نایەکسانیو پلەیەکە لەو پلانەی کەناخوازرێت بدرێت بەوانی دیو بە بەرامبەر، کەواتە؛ ئەوە گرنگ نییە کەتۆیان من، ئەویان ئەوان چ بنکەیەکنو چ پڕۆژەیەکیان پێیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چ جۆرە جیهانبینیو بیکردنەوەو ستراتیژێکمان هەیە لەکارسازی پڕۆژەکانمان دا، ئایا.. مەبەستو ئامانج چیە لەگوتاری پڕۆژەکەمان، ئایا.. پڕۆژە لەپێناوی پڕۆژەدا.. یان پڕۆژە لەپێناوی پەرەپێدانو گەشەکردنو بونیات نانی نوێدا..؟!

ئایا.. تۆ پڕۆژە دروست دەکەیت یان پڕۆژە تۆ دروست دەکات..؟! وە چەندین تەخویلاوتو پرسیاری دیکە - کەدەشڵێم تۆ مەبەستی خۆمو ئەو ئەوانیشە وەك مرۆڤ وەك کائینێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی، ئا لێرەوەیە کەدەبێت خەیاڵو خەونو ئەندێشەی پڕۆژەکانمان بۆ ئەنتی مەبەستو ئامانج گەلێك بێت کەدەخوازنو دەیانەوێت ئەقڵو فەلسەفەو ئازادی بکوژن دەخوازن گەشانەوەی فەرهەنگو چێژی مرۆڤایەتی خامۆش بکەن دەیانەوێت بونو مافی ئەوانی دیکە بسڕنەوەو نەزعەی توندڕەویو خانەگومانیو بیرکردنەوەی رەهاگەرییانەو تاك دەسەڵاتیو تاك قارەمانی لەپڕۆژەکانیان

ببەخشنەوەو لەجیاتی چاندنو زیندوکردنەوەی تۆو رۆحی تەساموحو خۆشەویستی، لەپرۆژەکانیان دا تۆوی رکو کینە دەچێننو گیانی عیشقو ئازادی دەکوژن، بۆیە دواجار دەمەوێت بڵێم؛ جیاوازی بەرنامەو پرۆژەی ئۆرگانو سەنتەرو ناوەندەکانی ئێمە.. ئەو جیاوازیو پرۆژانەن کەهەم تۆ دەتوانیت دروستیان بکەیتو هەم ئێمەش دەتوانین دروستیان بکەین، هەریەکەشمان ئازادین بەیەکەوە کاربکەین یان بەجیا. بۆ ئەمەش دەمەوێت نمونەیەکی زیندوتان بۆ باسبکەم، کەپێشبڕکێیەکی مەدەنیو ئەقڵانیانەیە لەهەموو پرۆژەکارێك دا گەر مەبەست بێت، ئەمساڵ پێش جەژنی رەمەزان، ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیارمان کرد بۆ برادەرانی چاپخانەی (شەعب) کەدەخوازین وەك کارێکی ئیجابی سیاسیو حیزبیانە چاپخانەکەیان بۆ نۆژەن بکەینەوە.. بەڵام برادەرانی چاپخانەی (شەعب) وتیان دەبێت پرس بەئیدارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکەین، هەڵبەت من ئەو پرسەیانم بەحەقی خۆیان زانی، چونکە پارتی لەم شارەدا ئیدارە نیە بەڵکو ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابیو فشار بەدەستە، دواتر برادەرانی چاپخانەی شەعب پێیان وتین ئیدارەی یەکێتی وتویانە خۆمان بۆتان نۆژەن دەکەینەوە، ئێمەش وتمان چ قەیدی هەیە دەستخۆشیان لێ دەکەین.. گرنگ لەلای ئێمە نۆژەندکردنەوەی چایخانەکەیە وەك رێزێك بۆ مەسکەنی نوسەرو رۆشنبیرانو وەك هاوکارییەك بۆ برایانی چاپخانەی شەعب، مەبەستم ئەوەیە بڵێم؛ گرنگ لێرەدا.. دەستپێشخەری ئێمە بوو وەك پارتی کەموبادەرەیەکی وامان کردو برایانی یەکێتیو ئیدارەی سلێمانیش هەستان بەچاکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی چایخانەکە.. واتە؛ لێرەدا دەردەکەوێت موبادەرەو دەستپێشخەرییەکەی ئێمە وەك پارتی ئەگەر بەقەدەر نۆژەن کردنەوەکەی یەکێتی گەورە نەبێت بچوکتر نییە، لەراستیشدا هاتنو نەهاتنو کۆکردنەوەو لەدەرگادان لەنێوان ناوەندە رۆشنبیریو رۆشنبیرەکان دا هەروەك موباردەکەی پارتیو نۆژەنکردنەوەکەی یەکێتیوایە بۆ چاپخانەی شەعب. گرنگ ئەوەیە لەسەوداو مامەڵەکانی نێوانمان دا لەپەیوەندیو دۆستایەتییەکانمان دا. هەر چاومان لەخۆمان نەبێت بەڵکو خەڵکیش ببینرێتو هاوڵاتیش ئیستفادە بکات.

: ئێمە خاوەنی تەجروبەیەکی سەرنەکەوتوین لەکۆککردنەوەی رۆشنبیران دا، بۆ کارکردن بەشێوەیەکی دەستەجەمعی لەناو سەنتەرێکی رۆشنبیریدا، ئێوە چۆن دەتوانن ئەزمونێکی سەرکەوتوی گرد کردنەوەی رۆشنبیرانمان بۆ دەستەبەر بکەن لەسەنتەرەکەتاندا..؟!

رەئوف رەباتی: جارێ کێ ئەڵێت گردکردنەوەی رۆشنبیران بەشێوەیەکی دەستەجەمعی لەناوەندیان سەنتەرێك دا ئەزمونێکی سەرکەوتوە..؟! ئەسڵەن من پێم وا نییە پێویست بکاتو هەر دەبێت هەموو رۆشنبیران لەناوەندو سەنتەرێك دا کۆبکرێنەوە، ئەمە یەکەم، دووەم من لەگەڵ ئەو رایەدانیم کەهەموو کۆکردنەوەی یەکبونو دەستەجەمعی یەك کارێکی پۆزەتیفو جوان بێت، چ بۆ رۆشنبیران چ بۆ توێژێکی دیکەی کۆمەڵایەتی، بەڵکو جوانتر وایە توێژو چینە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکان هەریەکەیان وەك خۆیان ئامادەبنو لەبەچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانیان کۆببنەوە نەك

کۆبکرێنەوە..! بەتایبەتش ئەگەر هەر چینو توێژێکی کۆمەڵایەتی کۆبکرێنەوە نابێت رۆشنبیران بوار بدەن هەروا بەسانایی کۆبکرێنەوە..! چونکە رۆشنبیر دەبێت خۆی میکانیزمی کۆکردنەوەی ئەوانی دیکە بێت.

لەبەرئەوە خواستی ئێمە نیەو لەبەرنامەشمان نییە هەر هەموو رۆشنبیران لەناوەندەکەمان دا یان لەسەنتەرەکەمان دا کۆببێتەوە، بەڵکو؛ ئێمە دەخوازین رۆشنبیران وەك خۆیان لەدەرگا بدەنو ئێمەش وەك خۆمان دەرگا بکەینەوە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە هەر راستە، هەڵبەت لەخیلالی ئەو لەدەرگا دانەی ئەوانو دەرگا کردنەوەکەی ئێمەدا یان لەدەرگادانی ئێمە بۆ ئەوانو کردنەوەی لەلایەن ئەوانەوە دەتوانین تەفەهومێکی باشو هەنگاوی ئەکتیڤ دروست بکەین، ئەگەر ئەهلی فکرو مەعریفە بین، ئەگەر جیهانبینیەیەکی گلوبالو ئەقلانیو واقیعیو مەوزوعیانەمان هەبێت.

بنکەو دامەزراوە رۆشنبیریەیەکانی ئێمە ئەوەندەی سەرقاڵی سازدانی ڤیستیڤاڵی ئاهەنگ ئامێزن کە لەناو شۆڕو شەوقی چەڵە رێزان دا کۆتایی پێدێت. کەچی هێندە بەتەنگ ئەو هەژاریە مەعریفییەوە نین کەئێستا رۆشنبیری کوردی خستۆتە قەیرانێکی خنکێنەرەوە.؟! ئێوە چی دەکەن لەڕاستای بوژانەوەو دروستکردنی رۆشنبیریەیەکی تۆکمەو دامەزراودا..؟!

رەئوف ڕەباتی: ئەگەر ئێمە واقیعی بین دەبێت دان بەو راستیەیەدا بنێن کەڤیستیڤاڵو ئاهەنگو هەڵوسڕانی جەماوەری. بەشێکن لەبەرنامەو چالاکی هەموو بنکەو بارەگایەکی رۆشنبیری لەجیهانو دەوروبەردا. هەڵبەت لەتەك کارو چالاکیە فکریو مەعریفی فەرهەنگیەیەکانی دیکەدا. پاشان رۆشنبیری (سەقافەت) بەقەدەر ئەوەی کەپرسێکی زاتیە، هێندەش پرسێکی ماددیو مەوزوعیشە.. ئیدی بۆ دەبێت رۆشنبیر لەدنیای ئاهەنگو ڤیستڤاڵو چێژوەرگرتنو بزاڤو لڤینە جەماوەریو میللیەیەکان بکرێتە دەرەوەو وەك کائینێکی وشكو برینگی (ئەبستراکت) (مجرد) تەماشا بکرێتو هەڵسەنگێنرێت. دواجار بەپێچەوانەی رای جەنابتانەوە من پێم وایە واش زەن دەکەم؛ رۆشنبیرو رۆشنبیری کوردی نەلەقەیرانو نە لەتەنگژەدایە، وە نە فکرو مەعریفەش لەم واقیعەی ئێمەدا ماڵ وێران بووەو رەنگی گەداو سواڵکەری لێ نیشتبێت. بەپێچەوانەوە ئەو تەسەوراتو خوێندنەوانە زۆر بێویژدانانەو ناژیاریو نازانستیەیە، ئەگینا بەهەموو پێوەرو پێوانەیەکی ئەخلاقیو تەندروست، بارو ئاستی ئێستای رۆشنبیرو رۆشنبیری کوردی هەڵبسەنگێنن؛ دەبێت کوێرانە حوکم نەدەینو شەونخونیو ئارام گرتنو لایەنە جوانەکانی کایەی مەعریفە ون نەکەین لەواقیعەکەمانداو دڵنیا بین لەو راستیەیەی کەئەگەر رۆشنبیرو رۆشنبیری کوردی مایەیەکی باشی نەبێت حاڵی حازر پێم وا نییە ئیفلاسی کردبێت.. لەم راستانەیەدا ئەوەی بەئێمەش بکرێت درێغی ناکەین.

تیبینی ئەم چاوپێکەوتنە لەساڵی 2004 دابلاوکراوەتەوە لەرۆژنامەی نێوەندا